# شانۆی کوردی لە هەندەران «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا»

د. فازڵ جاف

ڕووتبـوونەوە، یەکەم شـانۆنامـەی دوو ئەکـتـەری بوو، کـارم تیـدا کـرد، بەر لە ڕووتبـوونەوە، هیچ مـەیلێکم بۆ شانۆنامـەی دوو ئەکـتـەری نەبوو، پێم وا بـوو دەرهێنەر بە زەحمەت دەتوانێت دینامیکییەت و وزە و گەرموگوڕی لە شانۆنامەی دوو ئەکتەریدا بخوڵقێنێت، ڕاستییەکەی ئەم بۆچوونە لە ڕاستییەوە دوور نییە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، پێم وایە شانۆنامەیەک کە تەنیا دوو کەسایەتی تێدا بێت، لە پرۆسەی دەرهێناندا لە شانۆنامە فرەکەسایەتییەکان سەختترە، بەتایبەتی ئەگەر ڕێژیسۆر ئەزموونێکی باشی نەبێت، یان ئەگەر کارەکەی لەگەڵ دوو ئەکتەری بەهرەدار و خاوەن ئەزمووندا نەکات، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ئەکتەری خاوەن توانایی و لێهاتووشدا کار بکات، ڕێژیسۆرەکان پێیان وایە شانۆنامەی دوو ئەکتەری، کەمتر بوار بۆ داهێنانی دەرهێنەر دەڕەخسێنێت، بەتایبەت لە ڕووی خوڵقاندنی میزانیسێنەوە، چونکە مەودای پێوەندییە کەسایەتییەکان تەسکتر و سنووورداترن، بۆ نموونە لە ڕووتبوونەوەدا پێوەندی نێوان A و Bی، تەنیا یەک پێوەندییە، بەڵام هەر ئەوەندە ببن بە سێ کەس، پێوەندییەکانی نێوانیان دەبێت بە حەوت پێوەندی، ئەگەر دەتەوێت بزانێت چۆن پێوەندی نێوان سێ ئەکتەر دەبێت بە حەوت، تەماشای لاپەڕە ١٢٢ی چاپی دووەمی کتێبی دەرهێنانی شانۆیی بکە.

هەر بۆیە بەرەنگاربوونەوەم لەگەڵ شانۆنامەی ڕووتبوونەوە، تێست و تاقیکردنەوەیەکی ڕێژیسۆریی گرینگ بوو، یان هەر نەبێت خۆم هەستم بەو گرینگییە دەکرد کە نزیکەی ساڵێ پاشتر شانۆنامەی کۆچبەرانم دەرهێنا، هەستم کرد کە ڕووتبوونەوە ئەزموونێکی



**کوردۆ گەلاڵی لە دیمەنێکی شانۆیی «ڕووتبوونەوە»**

سوودبەخش بوو، کلیکێک بوو بۆ کارکردنم لەسەر شانۆنامەی دوو کەسی، بۆیە هەموو ڕۆژێک کە پرۆڤەم دەکرد، هەستم دەکرد کار لەسەر دەقێکی ئاڵۆز و سەخت دەکەم، هەرچەندە لە یەکەم خوێندنەوەدا، تێکستی شانۆنامەکە زۆر ئاسان و تارادەیەکیش سادە خۆی دەنوێنێت، بەڵام دۆزینەوەی زمانێکی هونەری لە بەرجەستەکردنیدا، زمانێک دوور بێت لە کلێشەی باو، ئاسان نییە.

ڕەنگە بپرسن: بۆچی دەبێت شانۆنامەی ڕووتبوونەوە بە تێکستێکی ئاڵۆز و سەخت لە قەڵەم بدرێت؟

بەر لە هەموو شتێک، ڕاستتر وایە بڵێم شانۆنامەی ڕووتبوونەوە، کە من دەڵێم شانۆنامەیەکی سەختە، بۆ من سەخت بوو، بۆ من ئاڵۆز بوو، ڕەنگە بۆ ڕیژیسۆرێکی ئەوروپایی، بەتایبەتی بۆ ڕیژیسۆرێکی پۆڵۆنی وا نەبێت، بەڵام بۆ من تێکستێکی ئاسان نەبوو، یەکەم جارم بوو ڕووبەڕووی شانۆنامەیەکی لەو تەرزە ببمەوە، خۆ (گێژەن)یش بەرهەمی هەمان نووسەر بوو، بەڵام هەرچی گێژەن بوو، ئاسانتر خۆی بە دەستەوە دەدا، ئاسانتر بوو بزانیت کەسایەتییەکان کێن، لە کوێن، چ چیرۆک و بەسەرهاتێک دەگێڕنەوە، بە کورتی گێژەن وەکو چیرۆک و داڕشتەی گرێچنی چیرۆکەکە زۆر ڕوونتر و کۆنکریتترە، هەرچی دوو کەسایەتییەکەی ناو ڕووتبوونەوەیە، دوو کەسی نادیارن، نازانین کێن، ئەوەندە نەبێت، کە وەکو زۆربەی کەسایەتییەکانی مرۆژێک یەکێکیان ڕووناکبیرە، ئەوەی دیکەیان سادەیە. بەسەرهاتی هەردوو کەسایەتییەکە لە پانتایی ڕووبەرێکی نادیاردا ڕوو دەدەن، فەزایەک کە سیما و سنوورەکانی دەستنیشان ناکرێن، ئەم دوو کەسایەتییە بە A و B، ناویان دەبات، هەردووکیان بە ڕواڵەت لە دوو بزنیسمان دەچن، هەردوو قات لەبەر و شیکن، جانتای دیپلۆماسییان پێیە، بەڵام پاشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە A لە B پیچەک ڕۆشنبیرترە.

وەکو پێشتریش سەبارەت بە شانۆنامەی گێژەن باسم کرد، ڕەخنەگران مرۆژێک دەخەنە پاڵ نووسەرانی شانۆی ئەبسیۆرد (لامەعقوول)ەوە، لە ناو شانۆنامەکانیدا کە من ئاشنای ژمارەیەکی باشیانم، پێم وایە هیچیان بە ئەندازەی ڕووتبوونەوە پێناسە و چەمکی شانۆی ئەبسیۆردیان بە سەردا نەسەپێت. ڕووتبوونەوە نموونەیەکی جیاهەڵکەوتووی شانۆی ئەبسیۆردە، نموونەیەکە کە هیچی لە شانۆنامەکانی بێکێت و یۆنسکۆ و جان جینێه و پینتەر کەمتر نییە، لە پێکهات و داڕشتن و زمان و کەسایەتی و تەکنیکی شانۆییدا لێرە و لەوێ بێکێت و یۆنسکۆمان بیر دەخاتەوە، بەڵام بێ ئەوەی تایبەتمەندێتی خۆی لە دەست دابێت، بەبێ ئەوەی بۆ یەک چرکەسات ئەوەمان لە بیر بچێتەوە کە ئەم هونەرە ناوازەیە، هونەری ئەبسیۆردی شانۆنووسانی پاریس و ئەورووپای ڕۆژئاوا نییە، بگرە ئەمە ئەبسیۆردی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی ژێردەستی سۆڤییەت و قۆچی قوربانی ستالینیزمە، ئەبسیۆردێکە کە سیاسەت و زەبروزەنگی دەسەڵات و چەوساندنەوەی مرۆڤ تێیدا سەنتراڵ و کرۆکی شانۆنامەکەیە.

پاش نمایشکردنی گێژەن، دەستبەجێ کەوتمە سۆراخی شانۆنامەکانی مرۆژێک، ئەوانەی بە سوێدی و پاشتر بە ئینگلیزی دەست دەکەوتن، هەموویانم خوێندنەوە، ئەوەندە ئاشنایەتیم لەگەڵ پتەوبوو بە ئەندازەیەک بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی خوێندنەوە و شیکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەو و بەرهەمی شانۆنووسەکانی پۆڵۆنیا بووم، لەوانەی کە زۆر سەرنجیان ڕاکێشام وایان لێ کردم باشتر لە مرۆژێک تێ بگەم، دوو نووسەر بوون:

ڤیکتێڤیچ و گۆمبرۆڤیچ، بەتایبەتی ڤیکتێڤیچ کە شێوازێکی گەلێ تایبەتی گروتێسکئامێزی هەیە، کە پێم وایە لە سیما و ڕواڵەتی نوێخوازیدا پێش بێکێت و یۆنسکۆ کەوتبوو، هەر بۆیە پۆڵۆنییەکان پێیان وایە، ئەو پێش نووسەرانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە سوریالیزمەوە بازی داوە بۆ ئەبسیۆردیزم.

هەر ئەو ماوەیە بە زمانی سوێدی کتێبێکی گرینگم دەربارەی شانۆی پۆڵۆنی خوێندەوە، کە لە نووسینی جێنینا لادۆڤسکایا بوو، کتێبەکە کە نووسەر خۆی پێشکەشی کردم، بەم ناوونیشانە بوو: شانۆ، شاعیر، سیاسی پۆڵۆنی.

ئەوەی لە ڕووتبوونەوەدا لە هەموو شتێک پتر سەرنجی ڕاکێشام، شێوازە گرۆتێسکە سوریالیستەکەی بوو، کۆمیدیایەکی ڕەش و تاڵ لە پانتاییەکی تاریک و بنبەستدا کە بۆ یەکەم جار خوێندمەوە، فیلمی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی کافکا (دادگا)ی بیر خستمەوە. پاڵەوانەکەی ئەویش جۆزیف ک، دەستبەسەر دەکرێت، ڕاپێچی دەکەن، بۆ؟ لەبەرچی؟ نازانێت! لە سۆنگەی چەند تۆمەتێکەوە کە نازانێت چین دادگایی دەکرێت، بۆ کوێی دەبەن، چی لێ دەکەن، هیچ زانیارییەکی دەربارەی چارەنووسی خۆی نییە، ناتوانێت هیچ بڵێت، ئەوە نەبێت کە پێش کوشتنی دەڵێت: وەکو سەگ.

سەرەڕای ئەم تراژیدیا قووڵە کە چارەنووسی تاک دەستنیشان دەکات، کەم نووسەرم دیوە بە ئەندازەی مرۆژێک توانایی تێکەڵکردنی تراژیدیای لەگەڵ کۆمیدیا هەبێت، بەڕاستی مرۆژێک نووسەرێکی کەم وێنەی تراژیدی کۆمیکە، ئەم تایبەتمەندێتییەش سەرچاوەی دیدی گرۆتێسکانەیەتی بۆ ژیان، لە ناو ژیانیشدا بۆ سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی تۆتالیتاریانەی چەشنی ستالینیزم، ئەمە جگە لە دیدی گرۆتێسکانەی ئەو بۆ دەسەڵات بەگشتی، بەر لە هەموویانەوە دەسەڵاتی تاک بەسەر تاکدا، ئەوجا گواستنەوەی خێرا لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێک، لە تراژیدیاوە بۆ کۆمیدیا، بە پێچەوانەشەوە، لەناکاودا، کتوپڕ، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، کە هەر بە خەیاڵ و زەینی کەسدا نایەت، جۆرە وەرچەرخانێک ڕوو دەدات، کە گوزارە لە کۆمیدیای، یان تراژیدیای بوونی ئادەمی دەکات، لە جیهانێکدا کە دەسەڵاتی تۆتالیتاریانە بەسەر هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا زاڵە.

مرۆژێک هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە جەخت لەسەر ژیانی ڕۆژانەی دوو کەسەکە دەکات، چۆن دەژیان، بەتەمای چی بوون، چۆن لەگەڵ ژنەکانیان پلانیان داڕشتبوو، چۆن وەکو هەموو ڕۆژێک بە ڕێگای خۆیاندا دەڕۆیشتن، بەڵام لە ناکاودا، کتوپڕ، لێدانێکی بە زەبر، دنیا بوو بە تەمومژ، ئەوەبوو دەرئەنجام هێنرانە ئێرە، فڕێدرانە ئەم شوێنە.

باشە ئەوانە کێ بوون؟ ئەی ئێرە کوێیە؟ ئا ئامەیە لووتکەی نا عەقڵانییەت و نالۆژیکی، واتە لووتکەی ئەبسیۆردیتی.

کۆمیدیا لەلای مرۆژێک ئاستێکی بەرزی زمانی ڕۆشنبیرانە دەگرێتە خۆ، بۆیە هەمیشە لە زۆربەی شانۆنامەکانیدا، هەروەها لە چیرۆکە کورتەکانیشیدا، شێوازی ساتیری وەرگرتووە، با ئەوەش بڵێم کە مرۆژێک بەرلەوەی بۆ شانۆ بنووسێت، چیرۆکنووسێکی ساتیرانەی بە توانست بوو، بۆ یەکەم جاریش ناوبانگی لە کۆمەڵە چیرۆکی (فیل)دا وەکو نووسەرێکی ساتیرانە دەرکرد.

بۆ من وەکو ڕیژبسۆر چەمکی ساتیر لەلای مرۆژێک بایەخێکی تایبەتی هەبوو، پێشم وایە ئەگەر کەسێک بیەوێت کار لەسەر شانۆنامەکانی مرۆژێک بکات، بەبێ ئەوەی گرەو لەسەر لایەنە ساتیرییەکەی بکات، ڕەنج بە خەسار دەبێت، چونکە ساتیری مرۆژێک مەسەلەیەکی تەنیا هونەری نییە، بگرە مەسەلەیەکی فەلسەفەییە، گوزارە لە دیدی کۆمیدیانەی ئەو دەکات بۆ کارەساتەکانی ژیان و کۆمەڵ و جیهان، کە هەمووی لە سیاسەتەوە سەرچاوە دەگرێت، نەگونجان و دژاوەژی و بەدحاڵیبوون و لێکترازان هەمووی لە بارودۆخی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر چەوساندنەوەی سیاسەت نەبێت، ژیان مەعقوول و بەجێیە!

کۆمیدیای مرۆژێک لە ڕووتبوونەوەدا لە چەند سیما و ڕواڵەتێکدا لە کۆمیدیای دیل ئارتێ نزیک دەبێتەوە، ڕەنگە ئەم سیمایە زیاتر لە کەسایەتی دووەمدا دەربکەوێت، کە هەردووکیان لە زۆر شتی چارەنووسئاسادا لە یەک دەچن، بەڵام وەکو بیرکردنەوە، یان ڕەنگە تەنانەت وەکو ڕەهەندی فیزیکیش، دەکرێت وەکو یەک نەبن، هەر لەبەر ئەوەشە، یەکێک لە ڕەخنەگران، ئەو دوو کەسایەتییەی بە کەسایەتی کۆمیدی



**کوردۆ و پشکۆ لە دیمەنێکی شانۆیی «ڕووتبوونەوە»**

سینەمای ئەمریکی" لارین و هاردیل" دەچوێنێت کە دیارە یەکێکیان لاواز و کورت، ئەوی دیکەیان قەڵەو و زل بوو، بەڵام ڕووتبوونەوەی لە ناو هەموو شانۆنامەکانی ئەبسیۆرددا وەکو ساتیر، درۆ نییە ئەگەر بڵێم، لە هەمووان سیاسیترە، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین ساتیرێکی سیاسییە، ساتیرێک دەربارەی دەسەڵاتی تۆتالیتاربیانەی سۆسیالیزمی بە تۆپزی سەپێنراو، لە شێوازی ستالینیزمدا.

مرۆژێک ستالینیزم لە شێوەی دەستێکدا بەرجەستە دەکات، کە کۆنترۆڵی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی تاک (دوو کەسایەتییەکە) دەکات، ئەوانیش دەبێت گوێڕایەڵی و ملکەچ بن، دەست هەرچی فەرمانێک بدات، ئەوان دەبێت جێبەجێی بکەن، بەم شێوەیە ستالینیزم لەلای مرۆژێک ساتیرێکی گەلێک تاڵ و ڕەشە، بەڵام ئەمە تەنیا بەسەر ئەودا ناسەپێت، تاکی کۆمەڵگەی سوسیالیستیش بەهەمان شێوە، بە ئەندازەی ستالین ساتیرئامێز و کۆمیدییە، چونکە ملکەچی ئەو دەسەڵاتەن، ئەو چی بوێت ئەوان وا دەکەن، تەنانەت کە داوا دەکات جلەکانیان دابکەنن و خۆیان تەواو ڕووت بکەنەوە، بێ سێ و دوو، لە دوای یەک، فەرمانەکەی جێبەجێ دەکەن.

هەموو ئەم ڕووتکردنەوەیە، وەکو پێشتریش گوتم، لە شوێنێکدا ڕوو دەدات، نازانین کوێیە، چ پانتاییەکە ئەم دەسەڵاتە خەڵکی تێدا گل دەداتەوە، مرۆژێک هەر لە سەرەتاوە شوێن دەکات بە مۆتەکەیەکی ترسناک، یان پانتاییەکی داخراو بۆ مۆتەکەیەکی سامناک، کە ڕەنگە تەنیا لە زەین و ئەندێشەی دوو کەسایتییەکەدا هەبن، واتە هەر تاکێکی ئەو کۆمەڵە، مۆتەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە! ئەگەر ئەو دەرگایەش هەبێت، ناوێرن لەدەرگا بدەن، ئەمەش بۆ خۆی بەشێکە لە ساتیرەکە، هەر ئەوەش وای کردووە کە نەوێرن تەنانەت لە دەرگاکانیش بدەن، وا دەزانن ئەگەر لە دەرگاکان بدەن، شیرازەی ئەو ئازادییەیان تێک دەچێت، کە لە بنەڕەتدا بوونی نییە، ئەوان ئازادیی خۆیان لەو سنوورەدا دەپارێزن، ئازادیی لە بندەستیدا، لە ژێر دەسەڵاتی حوکمێکی تۆتالیتاریانەدا، وەک ئەوەی سۆڤیەت بەسەر پۆڵۆنیایدا سەپاند، دیارە مرۆژێک هەمان بابەت، لە شانۆنامەی تانگۆدا بە شێوازێکی قووڵتر چارەسەر دەکات، لە تانگۆدا کەسایەتی کرێکارێک هەیە، کە هێمایە بۆ دەسەڵاتی ستالین و سۆڤیەت، کە کەسێکی دەرەکییە هاتۆتە ناو خێزانەکەوە، بە ئاشکرایش سواری دایکیان دەبێت، کە هێمایە بۆ پۆڵۆنیا. دیارە تێگەیشتن و شیکردنەوەی شانۆنامەکە لەم دیدگایەوە، بۆ ئەمرۆ و ئێستا، نەخشەڕێگەی کارکردنم بوو.

بەڵام مرۆژێک بە یەک دەست ناوەستێت، چونکە نایەوێت کێشەی مرۆڤ و ئەم جیهانە تەنیا لە یەک ڕوخساردا بەرجەستە بکات، سیماکانی دەستی یەکەم دیارە، بۆ کەسێکی پۆڵۆنی دەستی یەکەم، کە پاڵەوانی ڕاستەقینە و بزوێنەری ڕووداوەکانە لە ستالین زیاتر کەسێکی دیکە نییە، بەڵام ئەی دەستی دوو؟ ئەگەر دەستی یەکەم بە ستالین و حوکمی سوسیالیزم بچوێنین، ئەوە دەستی دووەم دەکرێت وەکو هێمای سەرمایەداری شرۆڤە بکرێت. دیارە وەکو هەموو بەرهەمەکانی شانۆی ئەبسیۆرد، ئەو جۆرە ئاماژە و هێمایانە، کۆنکریت نین، ناشبێت کۆنکریت بن، بە پێچەوانەی شانۆی ڕیالیزم، هەربەک لەو ئاماژانە چەندان لێکدانەوە و بۆچوون هەڵدەگرن، دوور نەڕۆین گۆدۆ لە (بە دەم چاوەڕوانی گۆدۆ)وە.

تێکستی شانۆنامەی ڕووتبوونەوەم بۆ یەکەم جار بە سویدی خوێندەوە، تێکستەکە لە گۆڤارێکی شانۆدا

بڵاوکرابووەوە، بەڵام پاشتر بۆم دەرکەوت کە تێکستەکە سووکە دەستکارییەک کرابوو، پاش پشکنین و سۆراخ بۆم دەرکەوت، شانۆنامەکە بە چەند شێوەیەکی جیاواز، کەم تا زۆر دەستکاری کرابوو. وا پێدەچوو ئەو تیپانەی کە لە سوێد نمایشیان کردبوو، سووکە دەستکارییەکیان کردبێت، دەستکاریکردنەکەش تەنیا لابردن و قرتاندنی هەندێ ئاخاوتنی هەردوو کارەکتەرەکانی گرتبووەوە.

لە وەرگێڕانی ڕووتبوونەوەدا تا بۆم کرا، هەوڵم دا زمانێکی سادە بەکار بهێنم، زمانێکی بێ گرێوگۆڵ کە بۆ ئەکتەر ئاسان و ڕەوان بێت، بۆ بینەرانیش سادە و مانابەخش بێت، بێ ئەوەی تایبەتمەندێتی زمانی مرۆژێک لە دەست بدەم، پێشتر وەرگێڕانی گێژەن و کارکردنم لە شانۆنامەکە، هەروەها خوێندنەوەی چەند شانۆنامەیەکی دیکەی مرۆژێک، تا ئەندازەیەک لە جیهان و زمانی شانۆنامەکانی مرۆژێکی نزیک خستبوومەوە، منیش بە هەمان شێوە لە وەرگێڕانی هەموو ڕستە و دیالۆگێکدا بیرم لەوە دەکردەوە چۆن مرۆژێک لە بینەری کورد نزیک بکەمەوە، یان چۆن بینەری کورد وا لێ بکەم چێژ لە ئەدەبی شانۆیی مرۆژێک وەربگرێت، دیارە ئەم نزیک کردنەوەیە بەبێ دەستکاری و کورتکردنەوە نە دەهاتە دی، بەلایەنی کەمەوە بۆ بیرکردنەوە و بۆچوونی ئەو سەردەمەم، ئەوە باشترین شێوە بوو، بەڵام ئەگەر باس لە باوەڕی ئێستام بکەم، دیارە سەبارەت بە ئامادەکردن و دەستکاریکردنی تێکستی هەر شانۆنامەیەک بۆچوونم گەلێک لە بۆچوونی ئەو سەردەمەم جیاوازە، ئێستا ڕێگە بە خۆم نادەم بەو شێوەیەی ئەو سەردەمە دەستکاری تێکستی شانۆیی بکەم.

گرینگترین دوو دەستکاری کە لە ڕووتبوونەوەدا کردم یەکەمیان بەکارهێنانی گۆرانییەک بوو کە لە تێکستەدا نەبوو، ئەوە بەڕای ئێستام ڕۆڵێکی درامیانەی نەبوو، جگە لەوەی وەک ناوبڕێکی پشوو بەکار دەبرا، ئەرکێکی کۆمیدیشی دەنواند، بەوەی کە هەردوو کەسایەتییەکە بە دەستی کەلەبچەوە، گۆرانییان دەگوت.

گۆڕانکاری دووەمیان کە بەلای خۆمەوە گرینگ بوو، لابردنی دەستی دووەم بوو، پێم وابوو بەکارهێنانی یەک دەست مانایەکی بەهێزتر دەپێکێت، هەر نەبێت بۆ بینەری کورد کە گیرۆدەی یەک دەست، دەستی دەسەڵات، دەسەڵاتی تۆتالیتاری، ئەو دەستەی کە دەرەکییە، بەڵام سەرتاپای ژیانی کۆنترۆڵ دەکات و چارەنووسیشی دیار دەکات، بەکارهێنانی یەک دەست لەبری دووان ئێستایشی لەگەڵدا بێت، بەتایبەتی پاش ڕووخانی سۆڤیەت، بە شێوەیەکی چڕتر و بەهێزتر مەبەست دەپێکێت، بێجگە لەوەی کە درامیانتر و سامناکترە.

پاش کارەساتەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ دۆستێکم تەلیفۆنی بۆ کردم: گوتی ڕووتبوونەوەم بیر کەوتەوە، ڕاستییەکەی شانۆنامەی دەستم بیرکەوتەوە، پێم وایە ئەو نمایشە هێشتا زیندووە و بۆ ئەم سەردەمە بەکەڵکە، چونکە هەمان دەست حوکمڕانیمان دەکات، هەمان دەست کە لە دەرەوەی سنوورە، کلیلی دەرگاکانی پێیە، هەر ئەو دەستەیشە چارەنووسمان دەستنیشان دەکات.

ئەو دەستە کە یەک دەست بوو نەک دووان، کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبوو، بە ئەندازەیەک زۆر جار گوێم لێ بوو کە هەندێک کەس بە ڕووتبوونەوەیان دەگوت: شانۆنامەی دەست.

ڕووتبوونەوە لە ڕۆژگارێکی گەلێک خەمناکدا نمایش کرا، لە کوردستان شەڕی ناوخۆ لە ترۆپکدا بوو، ئازاری کیمیابارانی هەڵەبجە ناخی هەموومانی تەنیبوو، نەماندەزانی چۆن گوزارە لەو خەمە گەورەیە بکەین، ئەوەبوو پێشنیارم کرد کە لە دیمەنی کۆتایی نمایشەکە و لە دوا چرکەدا، بە سلاید وێنەکەی عومەری خاوەر و تاقانەکەی پیشان بدەین، ئەم هەڵوێستە ڕەنگە بۆ کەسانێک وەکو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و دەستکرد لێکبدرێتەوە، بەڵام بۆ زامی دڵ و دەروونی ئەو سەردەمەی ئێمە لە تاراوگە دەربڕینێکی گیانی بەگیانی ڕاستەقینە بوو.

هەردوو ئەکتەر، کۆردۆ گەلالی و پشکۆ ناکام کە پێکەوە لە گێژەن ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا، لە ڕووتبوونەوەشدا ڕۆڵی دوو کەسایەتییەکەیان بینی.

هەردووکیان دووانەیەکی گونجاویان لەسەر شانۆدا دروستکردبوو، بە درێژایی نمایشەکە لێهاتووانە ئاستی وزە و دینامیکییەتی نمایشەکەیان ڕاگرتبوو، تەنانەت ئەو سوێدییانەی کە کوردییان نە دەزانی و نمایشەکەیان بینی، بە توانایی و تەکنیکی ئەو دوو ئەکتەرە سەرسام بوون.